گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پرسی کورد لە باکووری کوردستان لە ماوەی ١٩٨٠-١٩٨٣ز

## توێژینەوەیەکی مێژووی یە

**مامۆستا: دلاوەر محمد صديق الزيبارى**
بەشی مێژوو، کولێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، العراق
dilawar.sadeeq@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٢
بڵاو کردنەوە:زستانی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Kurd's intellectuals, Activity, Parts and Organizations, Turkey, Northern Kurdistan, Issue of Kurds.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.4

## پوختە

باکووری کوردستان وەک بەشێکی گرنگ لە سنوری کوردستان بەردەوام لە خەبات و تێکۆشان دابووە، ماوەی کودەتای ١٩٨٠ی تورکیا یەکێکە لە قۆناغە سەختەکانی باکووری کوردستان و پرسی کورد . ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بە پرسی کورد لە باکووری کوردستان لە ماوەی ١٩٨٠-١٩٨٣، توێژینەوەکە لە دەروازە و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە.
دەروازەکە بریتیە لە خستنەڕوویەکی خێرای پرسی کورد لە باکووری کوردستان ١٩١٩-١٩٧٨، تیادا هەڵوێستی بزاڤی کەمالی ١٩١٩- ١٩٢٢ و قۆناغەکانی دوای ئەو باسکراوە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی کودەتای ساڵی ١٩٨٠ی تورکیا و مافەکانی گەلی کورد، لێرەدا تیشک خراوتە سەر تێزی حکومەتی سەربازی تورکیا لە بارەی کورد و مافەکانی لە دەستوری ١٩٨٢ی تورکیا،تەوەری دووەم بریتی یە لە فاکتەری کورد لە سیاسەتی تورکیا و وڵاتانی هەرێمی لەم ماوە مێژووە، تیادا ئەم ڕاستیە باسکراوە کە هەمیشە وەک قۆناغەکانی پێشوو کورد پاڵنەری لێک نزیکبوونەوەی تورکیا و ووڵاتانی هەرێمی بووە کە ئامانجیان لە ناوبردنی و سڕینەوەی گەلی کورد بووە، کۆتا تەوەر باس لە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دەکات کە لەو ماوەیەدا سەریانهەڵدابوو، لە ژێر کاریگەری سەختی سیاسی و سەربازی کەوتبوونە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەی تەنانەت لە قۆناغی داهاتوو بوونە سەر مەشقی خەباتی چەکداری لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باکووری کوردستان. هەموو ئەم بابەت و تەوەرانە بەپشت بەستن بەسەرچاوەی زانستی خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## ١-پێشەکی

پرسی گەلی کورد لە تورکیای هاوچەرخ، خۆی لە نکۆلی کردن سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەت دوای سەرکەوتن بەسەر شەڕی سەربەخۆی (١٩١٩-١٩٢٢) دەسهەڵاتدارانی تورکیا دەستیان دایە پوکانەوەی ڕەگەزی کورد لەنێوبوتە و ڕەگەزی تورک، دوای ڕاگەیاندنی دەستوری ١٩٢٤ لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیا ،بیروباوەری مستەفا کەمال (١٩٢٣-١٩٣٨) کە تێزەکەی بەرامبەر بەکورد دوژمنکارانە چەسپا وسیاسەتی بڕوا نەبوون بەکورد ودۆزەکەی ببون بەرنامەی سیاسەتی دەسهەڵاتدارە یەک لەدوایەکەکانی تورکیا ،ئەم سیاسەتە لە کودەتای ١٩٦٠و١٩٧١ڕەنگدانەوەی زوری هەبوو، بەڵام لە کودەتای ١٩٨٠ کوردو پرسەکەی کەوتنە ژێر ڕەوشێکی دژوار و توند،ئەم ڕەوشە درێژەی کێشاوە تاوەکو ئەمرۆ گۆڕانکاری ڕووی نەداوە ، پرسی کورد بە چارەسەر نەکراو لەبازنەی دەستورو سیاسەتی تورکیا درێژەی هەیە ،هاوکات گەلی کورد بەپێی قەوارەو توانای خۆی کۆلی نەداوە لە وولامدانەوەی مەیدانخوازی تورکیا بەدرێژی قۆناغەکانی سەردەمی مێژووی هاوچەرخی تورکیا لەخەبات و تێکۆشاندابووە لەپیناو جەسپاندنی مافەکانی خۆی لە تورکیا.

**گرنگی باباتەکە**:دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەتی کودەتاچییەکانی تورکیا یە بەرامبەر کوردو دۆزەکەی کەخۆی لەدەستوری ووڵات سەرچاوەی گرتوە وەک تاکە ئامرازی دیموکراتی .

**لەڕووی سنووری جوگرافیەوە**: توێژینەوەکە تەنها تیشك دەخاتە سەر باکوری کوردستان ،جگە لە وەش لە هەندێک بابەت توێژەر پرژاوەتە سەر پارچەکانی تر بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی کە ڕەنگدانەوەو کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر باکوری کوردستان و دەوروبەری هەبووە.

**سنوری مێژووی بابەتەکە**:بریتیە لە پرسی کورد لە باکووری کوردستان لە ماوەی ١٩٨٠-١٩٨٣.

**لەڕووی ئامانج و مەبەستەوە**: ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی باکوری کوردستان لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان لە بزاڤی زگاریخوازی کورد، ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو ماوە مێژووییە. هەروەها ئاشناکرنی خوێنەرە لەبارەی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر پرسی کورد لە ماوەی ١٩٨٠-١٩٨٣.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەورێبازەی لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پەیرەوکراوە:** بریتیە لە خستنەڕووی ڕاستیەکان، پاشان توێژەر بەپێی ئەو زانیارییەی بەردەست بووە هەوڵیداوە شیکاری دوزی کورد لەنێو هەموو ئەو ڕووداوانە بکات کە توێژینەوەکە لە خۆدەگرێت، سەرنج و رەخنە و بۆچونی خۆی بەپێی پێویست خستۆتە ڕوو.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:** هەڵبەتە ئەم توێژینەوەیە وەك توێژینەوەیەکی زانستی لە کۆسپ و ئاستەنگ بە دەرنەبووە.ئەوکۆسپ و تەگەرانەی لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توێژەر بۆتەوە هەمەجۆرن، لە سەرڕووی هەموویانەوە کێشەی زمان ، دەست نەگەیشتنی توێژەر بەهەندێك بەڵگەنامە و یاداشت و بڵاوکراوەی تایبەت بەم ماوە مێژووە بۆیە هەندێك لایەنی باسەکە بەناڕوونی ماوەتەوە. هەروەها گرفتێکی تر ئەودیدار و چاوپێکەوتنانەن کەسەرچاوەی پێویستن بۆ دەوڵەمەندکردن و ووردکردنەوەی زانیاریەکان و دەرخستنی زانیاری نوێ، بەڵام بە بیانووی هەستیاری قوناغەکە و بارودۆخی ئێستای کوردستان، بەشێک لەو کەسانە کەخۆیان لەنێو ڕووداوەکانی ئەوکاتە ژیاون و ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا هەبووە دەرفەتیان بە توێژەر نەداوە چاوپێکەوتن لەگەڵیدا ئەنجام بدا ئەمەش هۆکاربووە توێژەر پشت بەگێرانەوەی کلاسیك و زانیاری بڵاوکراوە ببەستێت. ئەمانەو چەند گرفتێکی تر وای کردوە هەندێك لایەنی توێژینەوەکە شاراوە بێت .

ناوەرۆك و پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە جگە لەدەروازەیەکی خێرا لەبارەی پرسی کورد لە باکوری کوردستان ١٩١٩-١٩٧٨، بابەتی توێژینەوەکە بریتیە لە پرسی کورد لە باکووری کوردستان لە ماوەی ١٩٨٠-١٩٨٣ز،کە خۆی دابەشی سێ تەوەری سەرەکی دەبێت لەوانە کودەتای ساڵی ١٩٨٠ی تورکیاومافەکانی کورد، تیایدا سیاسەت ودیدی دەسهەڵاتدارانی تورکیا بەرامبەر گەلی کورد ودۆزەکەی خراوەتە بەرباسی لێکۆڵینەوەکە، تەوەری دووەم بریتیە فاکتەری کورد لە سیاسەتی تورکیا و وڵاتانی هەرێمی، کۆتا تەوەر بریتیە لە پارت و رێکخراوە کوردییهکان، تیایدا باس دەرکەوتنی بەشێك لە بزوتنەوە و پارت و رێکخراوی کوردی ،خەبات وچارەنوسیان کردوە،خراونەتە بەرباسی لێکۆڵینەوە، هەندێکیان دیار و چالاك بوون،خەباتی چەکداریش هەبوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە شوینی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێ بابەتەکە پشتی بە چەند سەرچاوەی گرینگ بەستووە بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی و تورکی ،هەروەها ئاماژە بە نامەیەکی ماستەر کردوە کە گرنگە لەبارەی سودوەرگرتنی بۆ ئەنجام دانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەدیارترین ئەوسەرچاوانە بریتین لە (مێژووی هاوچەرخی تورکیا)ی دکتۆرخەلیل علی مراد وابراهیم خلیل، ئیبراهیم داقووقی لەژێر ناونیشانی( کوردانی تورکیا)، هاوکار محیەدین بە ناوی (دۆزی کورد لەباکووری کوردستان ١٩٨٠_١٩٩١)، هەروەها Nihat Ali Özcan، Demir: Sertaç Timur, PKK'nın İletişim Stratejizi بەناوی ( PKK (Kürdistan İşçi Partisi Tarihi, ,İdeolojisi ve Yöntemi، ئەمانەو چەند سەرچاوەی تر بوونە ڕێبەری ئەنجام دانی ئەم باسە ،زۆرترین خزمەتی بە بابەتەکەی کردوە .

لەکۆتا وتەدا: ماوەتەوە بڵێم پێویستە مرۆڤ ئەوە بزانێت هیچ کارێك لە کەم و کوری و هەڵە بەدەرنابێ، بەڵام مرۆڤ ئەو کاتە ئاسوودە دەبێت کە ئەم کارەی دەستی دەداتێ هەوڵی بۆی بدات نەك تەنها لەپێناو ڕایی کردنی بێت. دیارە ئەم توێژینەوەیەش هەوڵی مرۆڤە، مرۆڤەکانیش لە کەم و کورتی و هەڵە بەدەرنین، هیوادارم ئەو توێژینەوەیە بەرچاو ڕوونیەك لەمێژووی کورد لەباکوری کوردستان لەماوەی(١٩٨٠-١٩٨٣)، بخاتە کتێبخانەی کوردییەوە،کەلێنێک پربکاتەوە.

## ٢-دەروازە:

### ٢-١ پرسی کورد لە باکوری کوردستان ١٩١٩-١٩٧٨

لەسەروبەندی شەڕی سەربەخۆیی تورکیا (١٩١٩- ١٩٢٢) (عیسی ٢٠١٢، ٣٥٥). بەرابەرایەتی مستەفا کەمال(١٨٨١-١٩٣٨)، وێرای ئەوەی بەشێك لە کوردەکانی باکوری کوردستان لە ژێر کاریگەری قۆناغەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) لە بزاڤی سەربەخۆیی کورد دا بوون، هاوکات بەکردەوەش بەشێك لە کەسایەتیە دیارەکانی کۆمەلگای کوردی وەك(حسین عونی و حەسەن خەیری...هتد)، شان بە شانی تورك بەژداربون لە شەڕی سەربەخۆیی تورکیا بە پالپشتی بەلێنەکانی مستەفا کەمال، بەو ئامانجەی دەگەن بە مافەکانی خۆیان بەشێوەیەکی هاوبەشی لە گەل تورك لە دەولەتی نوێیی تورکیا (شەمو ٢٠٠٨، ١٧٤- ١٩٠).

سەرکەوتنی بزاڤی کەمالی و یەکلاییوونەوەی دەسهەڵات بۆمستەفا کەمال و دەرکردنی هێزەکانی بیانی و رزگارکردنی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٢ (ئەحمەد و ئەوانی تر ٢٠٠٨، ٤٠- ٥٠)، نەك هەر تورکیای نوێ

نەبووە ووڵاتی هاوبەشی کورد و تورك و پێکهاتەکانی تری نێو خاکی تورکیا، بەڵکو نکۆلی لە بوونی نەتەوەی کورد کرد تەنانەت وەك کەمینەش دانی پێدا نەنا بەڵکو سیاسەتی تواندنەوەی هەمەلایەنەی دژ بە نەتەوەی کورد گرتە بەر، دروشمی " ئەوەی لە تورکیا دا دەژی تورکە" بەرزکرایەوە، بەوەش نەوەستان بەڵکو لەساڵی ١٩٢٧بە فەرمی رێبەڕانی کۆماری تورکیا ناوێکی فەرمیشیان بۆ کورد داتاشی کە بریتی بوو لە تورکی چیا (الکردستاني ١٩٥٦، ١٨). بەم جۆرە نکۆلیکردن لە دۆزی کورد وەبووبە سیاسەت و گوتاری فەرمی دەولەتی نوێی تورکیا.

سەرەرای هەموو کردەوەکانی کۆماری تورکیا بۆلەناوبردن و تواندنەوەی بوونی کورد ، گەلی کورد لە پێناو داواکردنی مافە نەتەوایەکانی کۆلی نەدا، یەکەم کاردانەوەی کورد بەرامبەر سیاسەتی نکۆلیکردنی کورد و پرسەکەی، لە شۆرشەکەی ساڵی ١٩٢٥ی بەرابەرایەتی شێخ سەعیدی پیراڕن (١٨٦٥ – ١٩٢٥ )، خۆی بەرجەستەکرد (حەسرەتیان ٢٠٠٦، ١٧). ئەم شۆرشە دژایەتی خۆی بۆسیاسەتی کەمالی و چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد کەوتە خەبات، ئەگەر چی شکستی خوارد، سەڕانی شۆرش لە نێویان دا شێخ سەعیدی پیراڕن لە دار دران (احمد ٢٠٠١، ٢٥). بەڵام جارێکی تر ڕاستی بوونی کورد و رەوایەتی دۆزەکەی نەك هەرختسە ناو یادەوەری تاکی کورد بەڵکو ناوچەکە و جیهان لە بوونی دۆزی کورد ئاگادارکرانەوە.

شایەنی باسە کردەوەکانی کۆماری تورکیا بە ئامانجی لەناوبردنی شوناسی نەتەوەی کورد و تواندنەوە لە بۆتەی تورك، گەلی کورد لە گەیشتن بە مافەکانی خاونەکرد، کە لەم سەردەمەدا زیاتر خۆی لە خەباتی چەکداری دەبینیەوە، ڕاپەرینی(ئاگری داغ – ئارارات ١٩٢٧- ١٩٣١)بەڕابەرایەتی(ئیحسان نوری پاشا١٨٩٦-١٩٧٦) (داقوقی ٢٠١٢, ٨- ١٠).ڕاپەرینی دێرسم ١٩٣٧ – ١٩٣٨ بە سەرکردایەتی سەید رەزای دێرسم(١٨٦٢-١٩٣٧) (جەلیل ٢٠١٥، ٣٢) .وەک لەسەرچاوەکان دا هاتووە بەر لە وەی شۆرشی دێرسم دەستپێبکات، کاربەدەستانی تورکیا لە سەڕووی هەموویانەوە مستەفا کەمال خۆیان سازدابوو بۆئەوەی ناوچەی دێرسم بکەنە ناوچەیەکی گەمارۆدراو لە ڕووی سەربازیەوە، وە ئەم مەبەستەی (مستەفا کەمال) لە ووتارێك دا لە ساڵی ١٩٣٦ لە پەرلەمانی تورکیا ناوچەی دێرسمی بە ناوچەیەکی ترسناك لە قەلەم دا ڕاگەیاند بوو ئەگەر گرنگترین کێشەمان هەبێ لە ناو نیشتیماندا کێشەی دێرسمە و دەبێت ئەو کولەکە ترسناکە پاکبکرێتەوە لەڕەگەوە دەربهێنرێت (کە ریم ٢٠١٣، ٣٩٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەتی تورکیا بۆسەرکوتکردنی ڕاپەرینی دێرسم هێزێك کە نێزیکەی (٢٥)هزار سەربازی تێدا بەکارهێنا، کە بووە هۆی کوژرانی هەزاران کەس و وێرانبوونی دەیان گوند و ناوچە کوردیەکان (جەلیل ٢٠١٢، ٣٨)، بەڵام کاربەدەستانی تورکیا نەیانتوانی بە تەواوەتی دەست بە سەر ناوچەکەدا بگرن، دواتر سەر لەشکەری سوپای تورکیا ( تالب دوغان) توانی سەید رەزا بە تەڵەی گفتوگۆ لەگەل پارێزگای ئەرزنجان لە ٥ی ئەیلولی ١٩٣٧ خۆی ئەوانەی لەگەلی دا بوون دەستگیربکات،دواتر لە سێدارەدران. (کە ریم ٢٠١٣، ٣٩٧). دوای ئەم ڕووداوە ڕاپەرینی دێرسم بەردەوام بوو تا لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ بە تەواوەتی دامرکێندرایەوە (لازاریف ٢٠٠٩، ٣٤٣).

هاوکات ووڵاتانی هەرێمی بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە و سەرکوتکاری بزاڤی جیاخوازی خۆیان خرانە ناو قەوارەیەکی هەرێمیەوە بە چاودێری بریتانیا، لە تەموزی ١٩٣٧ پەیماننامەی سەعد ئاباد لە نێوان ئیران و عێراق و تورکیا و ئەفغانستان مۆرکرا، ئامانجی سەرەکی لەم هەنگاوە هاوکاریکردنی هاوبەش بوو لە پێناو سەرکوتکردنی بزاڤی کورد (باوەر ٢٠١٤، ١٠٥). مستەفا کەمال ئەتاتورك سەرۆك کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٣٨ کۆچی دوای کرد، بەڵام تێروانین و دید و بۆچوونەکانی بەرامبەر کورد بوونەتە بنەمای دەولەتی تورکیای نوێ،بوون بە نەخشە رێگایەك بۆسیاسەتمەدار و دەسهەڵاتداڕانی تورك دژ بە گەلی کورد، دوای جێگرەکەی ئەو بە ناوی(عیسمەت ئینونو)ماوەی (١٩٣٨-١٩٥٠) دەسهەڵاتی گرتە دەست و پابەندبوونی خۆی دووپاتکردەوە بە سیاسەتی مستەفا کەمال (احمد ٢٠٠١، ٤٠).

پاش هەرەس هێنانی ڕاپەرینی دێرسم لە ساڵی ١٩٣٨، باکوری کوردستان لە بێ دەنگیەکی گشتگیردا مایەوە، هیچ جموجۆڵ و چالاکییەك بەخۆە نەبینی، دەسهەڵاتداڕانی تورکیا لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهان ( ١٩٣٩ – ١٩٤٥) و هاتنە کایەی سیستەمی فرەحیزبی، ناچاربوون بە ئاراستەی کورد هەندێك گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیان دا بکەن، چونکە بە کۆتایی هاتنی سیستەمی تاك پارتی کە خۆی لە پارتی گەل دەبینێتەوە، دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکان دا قورسایی پەیداکرد و پارتە رکابەرەکان ناچاربوون گرنگی بە کورد بدەن، لە کانونی دووەمی ١٩٤٦ دا ئەندامە نارازیەکانی پارتی گەلی کۆماری لە وانە: (جەلال بایار ، عەدنان مەندەریس، فوئاد کوپەرلو، رەفیق کوراشان)، بریاری دامەزراندنی پارتێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوێیان دا (جەلیل ٢٠١٢، ٣٧) ،بە ناوی پارتی دیموکراتی تورکیا، بە دامەزراندنی ئەم پارتە قوناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی لە تورکیا دەست پێدەکات (ئەرسەلان ٢٠١٢، ٨٥).

شایەنی باسە ساڵی ١٩٥٠ لە پاش وەرگرتنی دەسهەڵات لەلایەن پارتی دیموکراتی تورکیا چەند هەنگاوێکی دیموکراتیانەی هاوێشت، بە کردنەوەی رێکخراو و یانەی سیاسی و رۆشەنبیری. هەر لەم چوارچێوەیە دا رێگا درا بە کردنەوەی چەند یانەیەکی رۆشەنبیری کوردی، هەروەها بەژداری کورد لە چەند پارت و رێکخراوێکی تورکی، بەڵام ئەم هەڵوێستەی پارتی دیموکرات تا سەر بەردەوام نەبوو (داقوقی ٢٠١٢, ١٠٢). بە پێچەوانەوە کەوتە قەلاچۆکردنی دەنگی ئازادی کورد (حەسرەتیان ٢٠٠٧، ٦٧)، لە ساڵی ١٩٥٣ (جەلال بایار١٨٨٣-١٩٨٦) سەرۆک کۆماری تورکیا لە ووتارێك دا بە فەرمی نکولی لە بوونی نەتەوەی کورد کرد (سلێمان ٢٠١٨، ١٨- ٢٨)، ئەم راستیە دەردەخات سیاسەتی نکولی کردن لە بوونی نەتەوەی کورد سیاسەتێك نیە تەنها لە سەردەمی پارتی گەلی کۆماری مستەفا کەمالدا پیادەکرابێت بەڵکو درێژەی پێدراوە لە لایەن کاربەدەستانی تورکیا بۆئەوەی تێزی کەمالیزم بە سەر کوردا بکەنە راستیەکی مێژوویی هەروەها هەر لەم سەروبەندە داحکومەتی پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتی (عەدنان مەندەریس١٨٩٩-١٩٦١) لە ساڵی ١٩٥٥ لە گەل (بریتانیا و عێراق و ئێران و پاکستان) پەیمان نامەیەکیان بەست ناونرا(پەیمانی بەغدا)کە درێژە پێدەری ناوەرۆکی پەیمانی(سەعد ئابادی ١٩٣٧)ە، ناوەرۆکی ئەم پەیمانە نوێ یە جگە لەوەی سروشتێکی دژ بە یەکێتی سوڤیەت هەبوو، پەیوەندی راستەوخۆی هەبوو بە دۆزی کورد، راستریش سەرکوتکردنی بزاڤی رزگاری خوازی کورد و هەوڵەکانی لە پێناو ئازادی و سەربەستی، یەکێك بوو لە ئەمانجە گرنگەکانی ئەم پەیمانە (جەلیل ٢٠١٢، ٣٧).

هاوکات لە سایەی حوکمڕانی پارتی دیموکراتی تورکیا، لە ساڵی ١٩٥٨(موسا عەنتەر و جانب یلدرم هتد...)، چەند خوێندەوار و رۆشەنبیرانی تری کوردانی دیار بەکر هەفتەنامەیەکیان دەرکرد بە ناوی (نشتیمانی پێشڤە چوو)، کە بایەخی بە رۆشەنبیری کوردی و پرسەکانی ناوچەکە دە دا، بە توندی لە لایەن حکومەتی تورکیا دژایەتی کران و رۆشەنبیرانی کورد خراپبوونە ژێر چاودێری توند، لە ساڵی ١٩٥٩ گروپێکی (٤٩) کەسی دەست بەسەر کران لەنێوانیان دا (موسا عەنتەر و سەعید ئاڵپی و جانب یولدرم) بوون (جەلیل ٢٠١٢، ٤٠).

لە دوای کودەتای ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ (ئەحمەد و ئەوانی تر ٢٠٠٨، ٥٠)(جمال گۆرسێل١٩٨٥-١٩٦٦) ڕابەری کودەتاکە لەڕۆژی٤ی تەموزی ١٩٦٠ لە وتارێك دا لە شاری دیاربەکر لە باکوری کوردستان ڕایگەیاند "هەموومان تورکین کورد بوونی نیە لەم زەوییە جگە لە تورکەکان هیچ نەژادێکی تر لە سەری ناژی"،بەم ئاراستەیە هەڵوێستەکانی خۆیان بەرامبەر بە پرسی کورد خستە ڕوو لە هەمان کاتدا بە تۆمەتی جموجۆلی سیاسی و نەتەوەیی نزیکەی ٤٨٥ کورد دەستگیر کران. (لازاریف ٢٠٠٩، ٥١٩) .

لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ حکومەتی سەربازی یاسای ژمارە (١٠٥) ی دەرکرد بەپێی ئەم یاسایە ئەو خێزانە کوردیانەی گومانی لەسەر بووایە بە زۆرەملی لە ناوچەکانی خۆیان ڕاگوێزران بۆ ناوچەکانی تر، هەروەها یاسای (١١٤)ی دەرکرد بە تۆمەتی کارکردن لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، هەروەها (١٢٧) مامۆستای زانکۆکانی تورکیا دەرکران (جەلیل ٢٠١٢، ٤١- ٤٢). بەڵام سیاسەتی نەژادپەرستی تورکیا ڕۆشەنبیرانی کوردی لە ناوەراستی شێستەکان لە خەبات و تێکوشان بەهێز ترکران وژمارەیەك گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەرچوون لەوانە گۆڤاری (دەنگ – ڕۆژی نوێ)هەروەها دەیان کوروکۆبوونەوە لە پێناو یەک ڕێزی کورد سازدرا، لە بەرامبەر حکومەتی تورکیا (٢٣٢) دەستبە سەر کران و بە توندی سزادران (لازاریف ٢٠٠٩، ٥٢١- ٥٢٢).

لە ماوەی ١٩٦٠-١٩٧٠، لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی باشوری کوردستان و شۆرشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥)، بەرابەرایەتی (مستەفا بارزان١٩٠٣-١٩٧٩)، بووە هۆی گەشە پێدانی چالاکی سیاسی جەماوەری باکوری کوردستان، کوردی باکوری کوردستان ژێراو ژێر یارمەتی بارزانی دەدەن و بارزانی هەر زوو لەلایەن ئەوان وێنەی قارەمانی نە تە وەیی وەردەگرێ (داقوقی ٢٠١٢, ١٠٢). هاوکات دەستوری تازەی تورکیا لە٢٧ئایاری ١٩٦٢دانرا، مۆلەتی ئازادی ڕادەربرین درا ،دانی نا بەمافی سەندیکای کرێکاران،هاوکات ڕۆشنبیرانی کوردیش هەولیاندا ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە (نلۆرد ٢٠١٣، ١٣). ژمارەیەك پارتی سیاسی کوردی دامەزران وەک(پارتی ڕزگاری تورکیا، ڕێکخراوی تێکوشەرانی کوردستان) (لازاریف ٢٠٠٩، ٥٢٣)،پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (بێشکچی ١٩٩٨، ١٦١)،چەندین پارت و ڕێکخراوی تر و لەگەل ژمارەیەك ناوەندی ڕۆشەنبیری کە ئەرکیان بلاوکردنەوەی ڕۆشەنبیری کورد بوو.لە بەرامبەردا حکومەت لەکۆتایی نیسانی ١٩٦٣هەڵمەتێکی دەستپێکرد هەر یەک لە(یەشارکەمال) وژمارەیەک لەنوسەرانی کورد دەستگیرکران کە ژمارەی ٢٣کەس بوون (شمشیر ٢٠٢٢، ٥٩) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەوقۆناغەدا رۆشنبیراڕنی کورد بەهۆی نەبوونی سەرکردەی لێهاتوی ،پارتێکی کوردی ،چالاکانە لەنێو پارتی کرێکاڕانی تورکیا کاردەکەن، هەرچەندە لە قۆناغەکانی پێشوو پارتی کرێکاڕانی تورکیا هەڵوێستێکی خراپیان هەبوو لەبەرامبەر پرسی کورد، لە هەڵبژاردنەکانی لەساڵی ١٩٦٥ی پەرلەمانی تورکیا ١٥کاندیدی ئەم پارتە دەردەچن لەنێوانیاندا ٤کەسیان کوردبوون یەکێک لەوانە دکتور(تاریق ئەکێنجی)کەنوێنەری دیاربەکر بوو ماوەی(١٩٦٨-١٩٦٩)دەبێتە سکرتێری پارتەکە،هەروەها لە ساڵی ١٩٦٩(**محمد** عەلی ئەسلان) کە ئەویش کوردە، بۆیە رێبەری ئەم پارتە، لە ئەنقەرە گۆڤارێکی مانگانە لەژێرناوی(یەنی ئاکوچ)بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرکرد لەوێدا بوە یەکەمین جارگۆڤارێکی مۆلەت دراو داننا بە پرسی کورد (سلێمان ٢٠١٨، ٢٨)،لە چوارچێوەی بریاری(٦/٧٦٣٥)ی ساڵی١٩٦٧، حکومەتی تورکیا قوتابخانەی کوردی قەدەغەکرد،دەستی کرد بە راگوێزانی کورد لە زێدی خۆیان، هاودەم یاسای ژمارە٢٢٠دەرکرد،کەبریتی بوو لەبلاوکردنەوەی رۆشنبیری تورکی لەقوتابخانە وناوچە کوردییەکان بۆئەم مەبەستەش ئێستگەی رادیۆی بەکارهێنا لە(دیاربەکرو وان و ئەرزەرۆم وقارس ...هتد)،چەند شارێکی دیکەی لە شارەکانی باکوری کوردستان، بەرنامەکانی ئەم رادیۆیانە هیچ جیاوازێکیان لەگەل بەرنامەکانی رادیۆی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای وولاتدانەبوو، سیاسەتی تورکاندن بەسەرکورد تونتر لە پێشوو پەیرەوکرا (جـەلیل ٢٠١٥، ٤٢٢) بەڵام چالاکیەکانی کورد لە نێوەندەکانی شار و شوێنە گشتیەکان کاریگەری باش و گەورەی لە ووشیارکردنەوەی گەلی کورد هەبوو هاوکات رێکەوتنامەی (١١) ی ئاداری ١٩٧٠ سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی باشوری کوردستان، کاریگەری کردبووە سەر باکوری کوردستان، بزاقی نەتەوەی کورد لەم پارچەیە هەڵکێشا تەنانەت ئەم هەڵکێشانە نەتەوەییە بووە هۆکاری تورەکردنی سوپاو ئەنجامدانی کودەتای ١٢ی ئازاری ١٩٧١، یەکێك لە هەنگاوەکانی ئەم کودەتایە بریتی بوو لە سەرکوتکردنی چالاکی هزری نەتەوەیی کوردی بەشێوەیەکی بنەرەتی (لازاریف ٢٠٠٩، ٥٢٣). زۆربە نامرۆڤانە کەوتنە گیانی کورد و کەلتور، رۆشەنبیری کورد تەنانەت بە فەرمی ئەوە بلاوکرایەوە کە رەگەزی کوردی زاراوەیەکە لە زاراوەکانی زمانی تورکی (بێشکچی ١٩٩٨، ٣٥). بەم شێوەیە کۆماری تورکیا هەوڵەکانی چڕکردبوە وە لە پێناو سەپاندنی هێزی تورکی بەسەر گەلی کورد لە باکوری کوردستان بە هەمو شێوەیەك دژایەتی لە بوونی کورد دەکرد.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شایەنی باسە بزاڤی رزگاریخوازی کوردی لە ماوەی (١٩٧١-١٩٧٨) تێکۆشینێکی گەورەی بەخۆە بینی، دەیان پارت و رێکخراوی کوردی لە باکوری کوردستان و تورکیا دامەزران لەوانە(پارتی دیموکراتی شۆرشگێرانی کوردستان،پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا، رێکخراوی رزگاری کوردستان، ئاڵای رزگاری، رێکخراوی کاوە، تێکوشین، بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردستان...هتد) (جەلیل ٢٠١٢، ٦٥)،لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٨٠ بزوتنەوەی مارکسی کورد زوور بەهێزبوو (Özcan Nihat Ali 1999، 25).لەم ماوەیەدا توندوتیژی لە لادێ و شارەکان زۆرتربوو جگە لەناو زانکۆ و گەرەکە میللیەکانی ئەستەنبول و ئەنقەرە، و ئەو پێکدادان و توندوتیژییە ناوچەکانی وەك( سیواس و ئەرزەروم و مەرعەش مەلاتیە) و قولایی کوردستانیشی گرتبوو (داقوقی ٢٠١٢, ٢٣٤- ٤٣٥). رژتمی تورکیا سیاسەتی سەرکوتکاری و تۆقاندن و تواندنەوەی دەرهەق بە گەلی کورد گرتۆتەبەر بە قوناغ و بەشێوەی جیاواز (ماکدوال ٢٠٠٥، ٢٣٤- ٤٣٥)، سەرەتای هەشتاکان تورکیا لەواقیعدا لەناو زەبر و زەنگێکی دۆزەخی ژیاوە (محو ٢٠٠٩، ١١٠)، حکومەتەکەی (بولند ئەجەوید١٩٢٥-٢٠٠٦) تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوو بەڵام ئەم کابینەیە نەیتوانی جلەوی توندوتیژیە پەرگرتوەکانی بگرێتە دەست . نیگەرانی سوپا لە هەڵوێستی نەرمی (ئەجەوید) لە هەمبەر جیاخوازی کوردان تا دەهات زیادی دەکرد، سیستەمی سیاسی هێواش هێواش بەرەو لاوازی و ئیفلیجی دەرۆیشت (گەوهەری ٢٠١٦، ٧٥).لە بەرامبەردا سوپا و دەسهەڵاتدارانی تورکیا بە ئامانجی گەرانەوەی سەروەری مستەفا کەمال ئەتاتورک و پابەند بوون بە بنەماکانی، هەوڵدان بۆگۆرینی حوکمرانی تورکیا، کودەتای ١٩٨٠ ئەنجام درا، قوناغێکی نوێ لە مێژووی تورکیا و باکوری کوردستان دەستی پێکرد.

## ٣-تەوەری یەکەم:کودەتای ساڵی ١٩٨٠ی تورکیاو مافەکانی کورد

### ٣-١کودەتای ساڵی ١٩٨٠ی تورکیا.

یەکێک لەوکودەتا نوێیە بریتیە لە کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ی تورکیا  کە لەلاین سوپا ئەنجام دراوە، تورکیا تاوەکو١٩٨٣ لەلایەن حکومەتی سەربازی بەرێوەدەبردرا. ئەنجام دانی ئەم کودەتایە بیانوەکەی هەمان بیانووی هەردوو کودەتای ساڵانی( ١٩٦٠-١٩٧١)بوو، بریتی بوو لە پارێزگاری لە رژێمی  سیکۆلاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆماری کەمالی ورزگارکردنی وولات لە تەنگژەی سیاسی وئابووری وسنوردانان بۆ توندوتیژی لە شەقامی تورکی وکێشەی درێژخایەنی کورد (جەلیل ٢٠١٢، ٧١).

لە بەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتنی ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠ کودەتایی سەربازی بەسەرۆکایەتی (کەنعان ئەڤرین١٩١٧-٢٠١٥) سەرۆکی ئەرکانی گشتی رویدا، کودەتاکە حکومەتەکەی (سلێمان دیمیریل١٩٢٤-٢٠١٥)ڕووخاند و هەردوو ئەنجومەنی پیران و نوێنەڕانی هەڵوەشاندەوە (لازاریف ٢٠٠٩، ٥٣٢)،هەروەها کارکردنی بە دەستور راگرت، سەرکردایە تییەکی پێنج قولی پێکهات کەپێك هاتبوو لە (جەنەرال ئەڤرین وجەنەرال نورەدین ئەرسین فەرماندەی هێزەکانی وشکانی و جەنەرال تەحسین شاهین کایا فەرماندەی هێزەکانی ئاسمانی جەنەرال نەجات تومیر) (ئەحمەد و ئەوانی تر، ٣٥٤- ٣٥٥).

هۆکارەکانی ئەنجام دانی کودەتایەکە لە لایەن سوپاوە ڕوونکرابونەوە لە بەیاننامەیەکدا کەتیادا هاتووە :(دەولەت و دام و دەزگا سەرەکییەکان لەکارکەوتبوون، توانای کارکردنیان نەمابوو، بونیادی دەستوریش پربوو لە ناکۆکی دژ بە یەك، هەروەها پارتە سیاسیەکان سوربون لەسەر هەڵوێستەکانیان و هیچ کودەنگیەکی پێویست بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی وولات نەبوو لە ئەنجامی هەموو ئەو هۆکارانەدا هێزە جودا خوازەکان چالاکیان زیاترببوو ژیان و مولکی هاولاتیان پارێزراو نەبوو کۆنە پەرستەکان و ئەوانەی خاوەنی بیر و باوەری خوار و خیچ بون (جەلیل ٢٠١٢، ٨٠٨١)،هەموو لایەکی کۆمەلگای گرتبوو وەکو قوتابخانە و زانکۆکان و دەستە دادوەرییەکان و رێکخراوەکان و سەندیکای کرێکاران، تادەهات وولاتیان بەرەو لێکترازان و شەڕی ناوخۆی دەبرد (جەلیل ٢٠١٢، ٨٠- ٨١)،لەم سەروبەندەدا تورکیا لە ڕەوشێکی دژواردا بوو هەر لە شوباتی ساڵی ١٩٧٨ دا شەپۆلێکی توند و تیژی سیاسی تورکیای گرتەوە،بە تایبەت دوای ڕووداوەکەی(ماراش – مرعش )ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ کە تیادا نزیکەی ١٠٥-١٨٥ لەکوردە عەلەوییەکان کوژرابوون (Nihat Ali Özcan 1999, 41)، لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٨ توند و تیژی دەست پێکردەوە ،باری نا ئاسایی لە (١٣ ) ویلایەتی تورکیا دا راگەیاند، دوا بە دوای ئەو ڕووداوە بارودۆخی تورکیا پشێوی و ئاڵۆزی زۆری بە خۆیەوە بینی کە بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری قوربانی لێکەوتەوە , هاندەری سەرەکی ئەم پشێویانەش کارو کردەوەکانی پارتی بزوتنەوەی (MHP ) بو بە سەرۆکایەتی (ئەلپ ئەرسەلان تورکیش ) کە چەپرەوەکانیان تیرۆر دەکرد،لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٠دا حکومەتێکی تازە پێکهات کە هەندێ لە ئەندامانی هەردوو کودەتاکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربازیەکەی ساڵانی (١٩٦٠-١٩٧١) بەژداریان تێدا کرد،ئەم حکومەتە دەستی کرد بە داخستنی چەندین ڕۆژنامە وگوڤار لە وانە(ڕۆژنامەی جمهوریەت) کەلە ساڵی ١٩٢٤ لە لایەن (مستەفا کەمال) دەرکرابوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٨١ دا بانگەشە سیاسییەکان قەدەغەکران و لە ساڵی ١٩٨٢ دا پارتە سیاسیەکان هەڵوەشێنڕانەوە دوای ئەوەی چالاکیەکانیان راگیران (جەلیل ٢٠١٢، ٢٣٣).

**٣-٢مافەکانی کورد لەسیاسەتی حکومەتی سەربازی تورکیا**

ئاشکرایە تورکیا لەماوەی(١٩٨٠-١٩٨٣) لەلایەن حکومەتی سەربازی بەڕێوەدەبرا (داقوقی ٢٠١٢, ٢٥٤).لەم ماوەیەدا حکومەتی تورکیا و سەرکردە سەربازیەکانی وەك ئەوانەی پێش خۆیان رایان گەیاند: (کەدان بەهیچ مافێکی نەتەوەیی کورد دانانێت )،دوای بە دوای کودەتاکە هەڵمەتێکی دەستگیرکردن کە لە سەرۆکی پارتەکانەوە دەستی پێکرد تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ نزیکەی (١٢٠٦٠٠) کەس دەستگیرکران وە هەروەها جگە لەوەی کە لە سایەیی ئەحکامی عورفی دا چەندین ئەندام و کەسایەتی سیاسی لە پارتە کوردیەکان ڕووبە ڕووی توند و تیژی و ئەشکەنجەدان بونەوە کە لە دادگا سەربازیەکانەوە حوکمی سێدارەدانیان بە سەر (٣٠٠ ) کەس دا دەرکردو هەروەها سەرجەم چالاکییە سیاسی و رۆشەنبیری کوردی قەدەغەکران (جەلیل ٢٠١٢، ٢٣٣) .دواتریش دەستی کرد بە پرۆسەیەکی پشکنین وگەڕان بەدوای چەکدا ، بەم هۆیەشەوە جوتیاڕانی کورد و خەلکی ناوچە کوردنیشینەکانی دوچاری لێدان وسوکایەتی پێکردن وئابڕوبردن بونەوە (جەلیل ٢٠١٢، ٨٥- ٨٧). ستراتیجی حکومەت بەرامبەر کوردان بریتی بوو لەبەکارهێنانی کوشتن وزیندانی بەکۆمەل و ئەشکەنجەی خەلك بەشێوەیەك لەکۆی ٦٣٥ گرتوخانەیی سەرانسەری تورکیادا نیوەیان لەناوچە کوردییەکاندا دروستکرابوون ، گرتوخانەی دیاربەکر ناوداترین زیندانی ئەشکەنجەو بەندکردنی تێکۆشەرە کوردەکان بوو (فەتاح ٢٠١٢، ٣٠٠). زیندانیەکانی دیاربەکر لەرویی فیزیکیەوە لەرەوشێکی خراپدا بوون و تەنها پەیکەری ئێسکیان مابوو ، بەندییەکان ناچاردەکران سرودی نیشتیمانی تورکی بچڕن وداوایان لێدەکردن ببنە جاش وجاسوس هەر بۆیە هەندێك جار زیندانیەکان لەو ڕەوشەدا پەنایان دەبردە بەر خۆکوشتن (فەتاح ٢٠١٢، ٣٠٠- ٣٠٢). ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لە (٢٣ تشرینی یەکەمی ١٩٨١)دا لیژنەیەکی راوێژکاری بەسەرۆکایەتی (سەعدی شیرمیك) بەمەبەستی گەڕانەوەیی دیموکرات بو ووڵات و داڕشتنی دەستوری نوێدا دانا ،لە ١٧ی ئابی ١٩٨٢دا کودەتاچییەکان پرۆژەیی دەستور خرایە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەردەست (فەتاح ٢٠١٢، ٣٠٢).دەستورەكە وەك زۆربەی دەستوری ووڵاتان دانی بەوەداناوە كە گشت هاولاتیان بەرامبەر یاسا یەكسانن لە پێشەكی دەستوەرەكەشدا هاتوە : هەموو هاووڵاتیەكی تورك ، هاووڵاتی توركیایە مافی بەدەستهێنانی ژیانی هەیە لەبوارەكانی كلتوری و نەتەوەیی و پێشكەوتن و بیناكرنی یاسا و گەشەپێدانی مادی لە ووڵاتی خۆیدا ئەم هەڵمەتانە تەنها هاووڵاتی تورك دەگرێتەوە، .ئەمەش ناكۆكە لەگەل ئەوەی لەمادەی (١٠)دا هاتووە :( هەموو كەسێك بەبێ جیاوازی زمان، رەگەز، رەنگ، بیرورای سیاسی وفەلسەفی، دین ومەزهەبی ...هتد،بەرامبەر یاسادا یەكسانن). لێرەدا جیاوازیەكی زۆر بەدی دەكرێت وەك پێشەكی دەستورەكەدا هاتوە تەنها نەتەوەی تورك توانای بەدەست هێنانی ئەم مافانەی هەیە و هیچ نەتەوەیەكی تر بۆی نیە، نەتەوەی تورك سەروەری تەواوی هەیە، بەبێ هیچ كۆت ومەرجێك ئەم سەروەریەش لەرێی دام و دەزگای تایبەت بەرجەستەدەكات ، بەبێ ئەو بنچینانەی كە لە دەستوردا نیشاندراون (جەلیل ٢٠١٢، ٩٣- ٩٩).

هەروەها سەركردەكانی كودەتا لە رێگەی یاساوە گواستەوەی و هاتوچووی خەلكیش یان لەناوخۆی ووڵاتدا سنورداركرد وەک مادەی (٢٣)ی دەستوردا هاتووە ( ئازادی شوێنی نیشتەجێبوون دەتوانرێت سنورداربكرێت بەمەبەستی نەهێشتنی تاوان، دابینكردن و پێشكەوتینی كۆمەلایەتی وئابووری جێبەجێكردنی و دروستكردنی شارەكە كە هە موو هۆیەكانی خۆشگوزەرانی و پارێزگاری مولكەكانی دەولەت تێدابێت) (فەتاح ٢٠١٢، ٩٢- ٩٩).

دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی كۆماری توركیا، وێرای ئەوبەندانە لەپێناو قەدەغەكردنی تەواوی زمانی كوردی، ژمارەیەك مەرج و بەندی وەك بەربەست دانا بەتایبەتی لەبەندەكانی ژمارە (٢٦) (٢٨) دا زیاتر خۆیان دەبینەوە ، وەك لەبەندی (٢٦) دا هاتووە (هەر زمانێك بە یاسا قەدەغەكرابێت نابێ لە قسەكردن و بیرورواە بلاوكردنەوە بەكاربێت)، لەبەندی (٢٨)میشدا هاتووە (هیچ بلاوكراوەیەك رێگەی پێنادرێت ئەگەر بە زمانێك بێ بە یاسا قەدەغەكرابێت) ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەم دەستورە و دەستورەكانی پێشتردا بكرێت (دەستوری ساڵی ١٩٢٤ و ١٩٦١) دەتوانین بلێین كەدەستوری ساڵی ١٩٨٢ بەراورد لەگەل یاسا بنەرەتیەكانی سەردەمی كۆماریدا لەگەلێك بواردا بەهەنگاوێك بۆدواوە دادەنێت ئەمە جگەلەوەی ئاواتەكانی گەلی كوردی پشت گوێخستبوو دانی بەمافە نەتەوایەتیەكانی دانەناوە لەهەمانكاتیشدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوزارشتێکی یاسایانەیە بۆسیاسەتی تواندەوەی کوردو گشت کەمە نەتەوایەتیەکانی تر لەلایەن حکومەتی تورکیاوە.

دەستور لە دوای ئەنجامدانی ریفراندومی روکەش لە تشرینی دووەمی ١٩٨٢ بە سەر گەلەکانی تورکیادا سەپێنرا ، دەولەت رایگەیاند کە ٨٨% خەلکەکە و ٩١% ئەوانەی بەژداریان کردووە وە دەنگ بە دەستوری نوێی تورکیا دایە، بەڵام لەلایەن کوردەکانی باکور ڕاستیەکەیان پوچەلبوویەوە، لەبەر ئەوە کە ئەوان دژی ریفرادۆمی دەستور بوون وە لە گەل ئەوان بون دەنگیان هەر بە دەستور نەدا، دەستوری ساڵی ١٩٨٢ دەستوری بنبرکردنی مافەکانی کوردان بوو ، ئەگەر لە سەردەمی ئەتاتورك و گورسێل دا بە شێوەی سەربازی کورد هاتبێتە تورک کردن، لە دەستوی ١٩٨٢ بە یاسای هەمان سیاسەت بەکارهێنرا (کەریم ٢٠٠٣، ١٥٦)، هیوا و ئومێدەکانی گەلی کورد پشت گوێ خران، گفتوگو نەکرا لە سەر مافەکانی گەلی کورد، سەرەرای ئەمەش ئەم دەستورە ببووە ئەگەری سیاسەتی لە ناوبردنی دژی میللەتی کورد لەم دەستوردا هاوڵاتی بریتی بوو لە تاکی تورك نەک نەتەوەکانی تری وەکو کورد...هتد، لە دەستوردا بۆپشت راستکردن و دووپاتکردنەوەی سیاسەتی تورککردن بە یاسا ئەم دەقە لە دەستورەوە دەلێت" هەموو هاولاتیانی تورکیا مافی بە دەستهێنانی ژیانی هەیە لە بواری کەلتوری و نەتەوەیی) (حەسرەتیان ٢٠٠٧، ١٠٧-١١٢)،لە بەندی ٢٦ی دەستور زمانی کوردی بە زمانێکی قەدەغەکراو دێتە ژماردن (زوجەر ٢٠١٠، ٤٢)،دەولەتی تورکیا بە هەموو شێوە هەوڵیان دەدا فەرهەنگی زمانی کوردی لەناوببەن (سیف الدین ٢٠٠٩، ٦٥- ٦٨)، نکولی لەبوونی کوردو دحزەکەی بەدەستوری کراوە بە ڕنامە ی کاری خۆی، تا ئە مڕوو بە ردە وامی هە یە.

## ٤-تەوەری دووەم: فاکتەری کورد لە سیاسەتی تورکیا و وڵاتانی هەرێمی

دۆزی کورد بە درێژایی دامەزراندنی تورکیا و ولاتانی هەرێمی بە تایبەت ئێران و عێراق لە پەیوەندییەکانی نێوانیان کاریگەری خۆی هەبوو لە گۆرین و ئاراستەکردنی پێشهاتە سیاسیەکان لە کاریگەرترین بەڵگە وەک لە پێشوو باسکرا پەیمانی سعد ئابادی ساڵی ١٩٣٧و پەیمانی بەغدای ١٩٥٥،کە ڕاستی سروشتی ئەم پەیماننامانە سروشتێکی دژانەی هێزی چەپ و بیروڕای سۆسیالیستی سۆڤیەت بوو، بەڵام دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆی پرسی کوردو بزاڤی رزگاریخوازی کورد وەک پرسێکی گرنگی

نێو ئەم پەیمانە هەرێمی بوو کە ئامانج لێ گەلە کۆمەکیەکی هەرێمی و دەستە بەرکردنی کاری هاوبەش بۆتیرۆرکردن وتوانەوەی پرسی کورد، هەڵبەتە لە دوای کودەتای ١٩٦٠ی تورکیاو قۆناغەکانی دواتر باکوری کوردستان لە ژێر کاریگەری شۆرشی ئەیلولی باشوری کوردستان(١٩٦١-١٩٧٥) کە کاریگەری گەورەی لە هەڵکشانی بیری نەتەوەی کوردی دروست ببوو ،لە پاڵ چالاکی نهێنی و بەشداریکردنی لە پارتی چەپی تورکی، لە ١١ی تەمموزی ١٩٦٥پارتی دیموکراتی کوردستانی- تورکیا بە سەرۆکایەتی (فایەق بوجاك) دامەزرا (ئەحمەد و ئەوانی تر ٢٠٠٨، ٤٠). پەرەسەندنی بزاڤ و چالاکی ڕێکخراوەیی و رۆشنبیری کوردی لە باکوری کوردستان ببووە جێگای تێروانینی تایبەت ، نیگەڕانییەکی زۆری لای ناوەندە فەرمانڕەواکانی تورکیا هێنایە ئاراوە لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە سەرۆکایەتی (جەودەت سوونای) سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی تورکیا لە ئەنقەرە بەرێوەچوو، لەم کۆبونەوەیە پرس و پەرەسەندنی چالاکییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی تورکیا(باکووری کوردستان)بابەتی گرنگی کۆبونەوەکەبوو، بریار درا کە رێکارەکانی بەرنگاربونەوەی کورد توندتر بکرێت، دواتر حکوومەتی تورکیا بریاری ژمارەی (٦/٦٣٥)ی دەرکرد تایبەت بە قەدەغەکردنی بلاوکراوەو پەرتوک بە زمانی کوردی ،هەروەها هەرچی چاپەمەنی و گۆڕانی و کاسێتی ریکۆردەری کوردی بە نایاسایی لە قەلەم دراو قەدەغە کرِان،ماوەی (١٩٧٠-١٩٨٠) چالاکوانانی کورد بە چالاکی جۆراو جۆر هەوڵی چڕی داوە بۆهۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد، هاوکات لە سەروبەندی سەرهەڵدانەوەی شۆرش لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ لە باشوری کوردستان (عیسی ٢٠١٢، ٢٥٧)، تورکیا دووچاری نیگەڕانییەکی زۆری کرد (ئەرسەلان ٢٠١٢، ٦٥)،بە تایبەت دوای دامەزڕاندنی بارەگای سەرکردایەتی کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە (سنێ) لە ناوچەی میدیات لەباکوری کوردستان، چالاکییەکانی ئەم پارتە بە درێژایی سنوری باشورو باکوری کوردستان وەک ناوچەکانی (دۆسکی ژووری و هەرکی بنەجی و درێ تاوەکو بارزان) بوونی هەبوو. (کۆچەر ٢٠٠٦، ١٧).

لە ماوەی(١٩٧٦-١٩٧٨)دەسهەڵات و پێگەی سەرکردایەتی کاتی پارتی لە سنوری دەڤەری بادینان لە هەڵکشان دابوو کە هاوسنور بوو لەگەل تورکیاو باکوری کوردستان .ماوەی (١٩٧٦-١٩٨٠)، سەرچاوەی هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێکی زۆری کوردانی باکوری کوردستان بوون و نەک لە ڕووی ماددی و داو دەرمان و خۆراک، بەڵکو بە دەیان کەس لە کوردپەروەڕانی باکوری کوردستان خۆیان لە

ڕێزەکانی پێشمەرگە ڕێکخستبوو،هاوکات تا ئەم کاتە تورکیا و ئێران درێژەیان بەکاری هاوبەش دا دژ بە بزاڤی گەلی کورد، بەڵام بە سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران لە شوباتی ١٩٧٩ ،ڕۆخانی ڕژێمی پاشایەتی لەئێران (زێباری ٢٠١٧، ٦٧)، پەیوەندی هەردووڵ گۆڕانکاری بەسەردا هات، کاری هاوبەشی نێوان هەردووڵا بوونی نەبوو دژ بە گەلی کورد.

سەبارەت بە تورکیا و عێراق بە درێژایی ماوەی (١٩٧٩-١٩٨٦) کەمتەرخەم نەبوون لە بەرامبەر سەرکوتکاری بزاڤی گەلی کورد (ماکدوال ٢٠٠٥، ٣٠٧) ،هەروەها تورکیا هەردەم لەچاودێری گەشەی پرسی کوردابوو (الکردستاني ١٩٥٦، ١٨)، نیگەرانیەکی زۆری گرت بە تایبەت لە کۆتاییەکانی١٩٧٨ هێزەکانی پێشمەرگەی باشووری کوردستان ناوچەیەکی فراوانی سنوری کەوتە ژێر دەستی، لە ئەنجامی شکستەکانی سوپای عێراق (کە ریم ٢٠١٣، ٣٩٨) ، لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨ عیراق و تورکیا دژ بە بزاڤ وچالاکی کورد رێککەوتنێک مۆرکرد (سبعاوی ٢٠١٠، ٢٧٢)، لە چوارچێوەی ئەم رێککەوتنە لە١٨ی ئایاری١٩٧٩هەر دووڵا هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی(دڕی) لە ناحیەی شێروان ،بەڵام بەهۆی سروشتی ناوچەکە کە یارمەتی دەربوو لە بەردەم هێزی پێشمەرگە ، توانیان گورزێکی گەورە لە سوپای هاوبەشی تورکیا و عێراق بدەن ، لە ئەنجامدا ٢٠ کەس لە سوپای عێراق کوژران (شەمو ٢٠٠٨، ٣٢٩) ئەم سیاسە تە لە نێوان هە ردوو وولات بە ردە وام بوو، لە ساڵی ١٩٨٢ حکومەتی عێراق و تورکیا ڕێکەوتنامەیەکی نوێ مۆردەکەن گرنگترین بەندەکانی بریتی بوون لە" هێزەکانی هەردولا (عێراق – تورکیا ) دەتوانن بە مەبەستی چاودێری و ڕاودوونانی تیرۆرستان بە قسەی خۆیان( واتا کورد) بچنە ناو خاکی یەکترو لە گەڵ چەند خالێکی تر سەبارەت بة کاری هاوبەش و پاراستنی ئاسایشی سنور...هتد، بە درێژایی( ١٩٨٤-١٩٨٦)هەماهەنگی نێوان هەردوو دەولەت بەردەوام بوو بەرامبەر کورد (کۆچێرا ٢٠١١، ٤٣١). لە لایەکی ترەوە دوای پاشەکشەکردنی پەکەکە بۆ دەرەوەی تورکیا لە تەموزی١٩٧٩ لە سوریا و لوبنان لە پاڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئیسرائیل بەتایبەتی (بەرەی گەڵی رزگاریخوازی فەلەستین - سەرکردایەتی گشتی) و (بەرەی دیموکراتی رزگاریخوازی فەلەستین) بنکە و بارەگاکانی خۆیان دانا ، بەهاوکاری و پاڵپشتی سوریا. لە کاتی هێرشی ١٩٨٢ی ئیسرائیل بۆ سەر لبنان، پەکەکە هاوشانی هێزە فەلەستینیەکان دژی ئیسرائیل وەستانەوە بەمەش دوژمنایەتی ئیسرائیل لێکەوتەوە و دواتر ئەم وولاتە لە بواری هەواڵگیری و سەربازی هاوکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکوومەتی تورکیا کرد، بەدرێژایی ئەم قۆناغە لێکەوتەی خراپی لێکەوت لە بەردەم بزاڤی کورد نەک لە باکووری کوردستان بەڵکو لە پارچەکانی تری کوردستانیش رەنگدانەوەی نەرێنی هەبوو. (جەلیل ٢٠١٥، ١٠٥)

## ٥- تەوەری سێیەم:پارت و رێکخراوە کوردییە کان

### ٥-١- پاش کودەتای ساڵانی شێستەکان و هەتا ساڵانی هەشتایەکان ژمارەیەک بزوتنەوە و پارت و رێکخراوی کوردی دەرکەوتن، هەندێکیان دیار و چالاك بوون، تەنانەت خەباتی چەکداریش هەبوو، لە دیارترینیان ئەمانەن.

١-پارتی کرێکاڕانی کوردستان:لە سەرەتای ساڵانی هەفتاکان دا وەکو گروپێکی ئایدولوژیا چەپڕەو دەرکەوت، لە سەرەتادا بە تەنها گروپێکی شەش کەسی بوون لە کەنارەکانی بەنداوی جوبوك لە ئەنقەرەی پایتەخت، پاشان ئەندام و لایەنگرانی بەرەو زیادبوون رۆیشت و چالاکیەکانی فراوان بوون (Demir 2018، 21). لە تەموزی ١٩٧٩(عەبدوڵائۆجەلان) ڕابەری ئەم پارتە کوردستانی باکور بەجێدێلیت و دەچێتە سوریا و هەر لەوێ دەمێنێتەوە، لەهەمان ساڵدا بە نهێنی پەیوەندی لە گەل رێکخراوەکانی فەلەستین دەبەستێت و بە هاوکاری ئەوان دەگاتە لبنان و هەروەها لە وێش بنکەکانی دادەمەزرێنێت بۆ پارتەکەی بۆمەبەستی پێگەیاندن و ڕاهێنان پێکردنی گەریلاکان .

پەکەکە لە ١٥ تەموزی ١٩٨١ یەکەم کۆنفرانسی خۆی لە لوبنان دەبەستێت، تیایدا بریاری گەڕاندنەوەی هێزەکانی خۆی دەدات بو تورکیاو باکوری کوردستان ، بە مەرامی سازدانی خەباتی چەکداری (فاتح ٢٠١٦، ٣١٦). شایەنی باسە لەم ماوەیەدا سوریا وەك ولاتێکی هەرێمی رۆلێکی گرنگی هەبوو لە جوشدان و ئاراستەکردنی خەباتی پەکەکە ، ئەمەش وای کرد پەکەکە بتوانێت بگەرێتەوە وولاتی تورکیا و دەست بە خەباتی چەکداری بکات (Demir 2018, 35) D

پەکەکە لە ماوەی کارکردنی تا کودەتای ساڵی (١٩٨٠) توانی ژمارەیەك لە کرێکاڕان و جوتیاڕان و هەندێ کەس و گروپ لە دەرەوەی خۆی کۆبکاتەوە، هەروەها بیروباوەرە چەپ لە نێو ئەو توێژانەدا بلاوبکاتەوە، بەڵام دوا بە دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، کودەتاچییەکان لە ئەنجامی هەڵمەتێکی بەرفراوان نزیکەی ( ١٧٩٠) ئەندام و لایەنگیری پەکەکە گیران ،هەروەها ژمارەیەکیش بە زیندانکردنی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەتا هەتایی حوکم دران، لە نێویاندا هەر یەك لە ( محمد صەبری ، کەمال بیر ، مەزلوم دوغانی) تیابوون کە سەرکردە دامەزرێنەری ئەم پارتە بوون (جەلیل ٢٠١٢، ٩٩- ١٠٠).

دوای ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری لە ١٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٤ (Demir 2018, 33)سوپای تورکیا لە ٢٠ی ئابی١٩٨٤، هەڵمەتێکی سەربازی فراوان بە ناوی پرۆسەی (هەتاو) لە ناوچە شاخاوییەکانی (هەکاری،سێرت ،ماردین) لە دژی چەکدارانی پەکەکە ئەنجام دا و ئوپەراسیونە سەربازیەکانی تورك پەلیان هاوێشت بەرەو دەرەوەی سنورەکانی خۆی، بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران و باکوری عیراق(ڕوژهەڵات وباشووری کوردستان)، بەگوێرەی سەرچاوەکان بە ڕەزامەندی هەردوو حکومەتی ئیران و عیراق، لەم هەڵمەتە هێزەکانی تورکیا بە قولایی (٢٢) کیلو مەتر چوونەتە ناو خاکی ئیڕان بە هەمان مەوداش چونەتە ناو خاکی عێراق.

لەماوەی(١٩٧٨-١٩٨٦) پەکەکە توانیویەتی  چەند سەربازگەیەك مەشق و ڕاهێنان جەنگاوەرەکانی لە گوندە کوردنشینەکانی عیراق و ئیڕان دابمەزرێنێت، دەیان چاڵاکی لەنێو خاکی باکوری کوردستان و تورکیا ئەنجام بدات (داقوقی ٢٠١٢, ل٢٦٠-٢٨٥).

٢-ڕێکخراوی کرێکار و جوتیاڕانی کورد لە تورکیا: ئەم ڕێکخراوەی درێژەپێدراوی حیزبی کرێکار و جوتیاڕانی تورك بوو، بانگەشەی بۆ دامەزڕاندنی دەولەتێکی کوردی سەربەخۆ لە تورکیا دەکرد، عادل شاهین یەکێك بوو لە کادیرانی ئەم ڕێکخراوە، لە کاتی دادگایکردنی لە ئەستەمبول گووتی شەڕی تۆلەسەندنەوە لە هێزەکانی ئاسایشی تورکیا لەو کاتە ڕادەوەستێت کاتی دەولەتی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێت، بەڵام زوری نەبرد هەڵوەشایەوە (داقوقی ٢٠١٢, ٢٥٥).

٣-پارتی ئیسلامی کوردستان ( پاك ):ئەم پارتە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ لە لایەن (محمەد صالح گابوری) و پێنج لە کەسی تر لە وەڵاتی سعودی کاتی جێبەجێکردنی فەریزەی حەج دامەزراوە، بەرنامە و ئامانجی ئەم پارتە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو لەبەر رۆشنایی ئیسلامی، بە بۆچوونی ئەم پارتە گەلی کوردی موسلمان بەشێکە لە گەلەکانی موسلمان و دەبێت مافەکانی خۆی هەبێت، هەروەها زمانی کوردی رسمی بێت و مافە نەتەوەیی هەبێت. بۆگەیشتن بە ئامانجاکانیان بە ڕێگای دیالوگ، سەرکردایەتی ئەم پارتە بە نهێنی باڵێکی سەربازی بە ناوی (سوپای رزگاری کوردستان) دامەزراند،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها ڕۆژنامەی ( دەنگی نیشتیمان ) دەرکرد، بەڵام زوری نەبرد ئەم پارتە هەڵوەشا، ڕژێمی تورکیا زورێک لە ئەندامانی ئەم پارتە دەستگیرکراِن (فاتح ٢٠١٦، ٣١٩).

٤-حیزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێری کوردستان:لە ساڵی ١٩٨٠ دروست بوو ، باوەری بە مارکسیەتەوە هەبوو، بەڵام لە نیسانی ١٩٨١ گورزێکی کوشندە بەریکەوت،کاتێك هێزەکانی ڕژێمی تورکیا کادرەکانی پێشکەوتووی ئەم حیزبە دەستگیرکراِن، لە ناو ئەوانیش دا ( حەسەن ئەسغەر) سکرتێری ئەم حیزبە لە ناو دەستگیرکراوەکان دا بووە، حوکمی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێنرا، لە ساڵی ١٩٨٢ دووبەرەکی دەکەوێتە ناو حیزبەکە، هەندێك لە کادیرانی ئەم حیزبە بروا بە هێزی سۆشیالیستی نەبوو، حیزبێکی نوێ دروستکرد بە ناوی (پارتی بوژانەوەی کورد)، کار بۆسەربەخۆی دەولەتی کوردی دەکرد، بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو (داقوقی ٢٠١٢, ٢٥٦).

٥-ڕێکخراوی پێشمەرگە: ساڵی ١٩٧٨کۆنگرەی خۆی بەسترا،(حسین یلدرم) سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوە دەکرد، ڕێکخراوێکی چەپی کوردبوو، بە هاوکاری لە گەل ڕێکخراوی چەپی شۆڕشگێڕانە دەکرد، لقەکانی خۆی لە ژمارەیەك ولاتانی ئەوروپا وەکو بەریتانیا و ئەلمانیا و سوید کردەوە، بە زۆری چالاکییەکانی لە ناو کرێکارەکانی کورد لە ئەوروپا بەرێوە دەچوو، (داقوقی ٢٠١٢, ٢٥٦).

**٢-٥ -چارەنوسی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان**

لە پاش ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ باکوری کوردستان بوو بە گۆرەپانی جولانەوەی شۆڕشگێڕانی دژ بەحکوومەت، بە جۆرێك ویلایەتەکانی ماردین و وان و دیاربەکر و قارس و ئورفە ...هتد، ڕۆژانە پێکدادانی چەکداریان لە نێوان ڕێکخراوە کوردییەکان و ڕژێمی تورکیا بە خوە دەبینی، باکوری کوردستان دوور لە چاودێری توندی کودەتاچیەکان بوو، بۆیە لە پێناو دروستکردنی پەیوەندیەکی چەکداری لە نێوان ڕەوتە شۆڕشگێریەکانی چەپی تورك و ڕەوتی نەتەوەیی کوردیدا پردێك بۆخەباتی هاوبەش و ئەو قۆناغە دروست بوو، چونکە هەمووان لە ئامانجەکانیان دا هاوبەش بوون، بۆیە هەموو چەپی تورك لە پاش کودەتا خواستی نێزیکبوونەوەیان لە گەل بزوتنەوەی کوردیدا هەبوو، لە راستیدا ئەم هەوڵەی چەپی تورك دەگەرێتەوە بۆ بەرژەوەندی مانەوەیان لە سنورەکانی کوردستان بۆ درێژە پێدان بە کار و چالاکییەکان (فاتح ٢٠١٦، ل٣١٠)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کودەتای ساڵی ١٩٨٠ بۆباکوری کوردستان سەرەتای قۆناغێکی توندوتیژبووە لەو قۆناغەدا باری نائاسایی هەموو شارەکانی گرتبوو، هەر بۆیە رێکخستنەکانی کورد نەیانتوانی رووبەڕووی ئەو قۆناغە نوێیە ببنەوە و کوردستان بکەن بە مەیدانی خەباتی رامیاریان، لە دەرەوەی کوردستانیش دا دوو بەرەکی و ناکۆکی ئایدولوژی و رامیاری لە نێوان رێکخستنەکاندا سست کردبوون، بەهۆی پەراوێز خستنی زیاتریان و دابەش بوونی پارتەکان بۆ چەند پارتێکی بچوك و لاوازی و بێ بەرهەم، هەروەها بەم قەیرانە سیاسییە زۆربەی رێکخستنە سیاسیەکانی کوردستان نەیانتوانی قەبارەی سروشتی و گیانی خۆیان بپارێزن لە ناوخۆی کوردستانیش دا چالاکی رامیاری پارتەکان و ڕۆژنامە و گۆڤار و هەموو ئەو یانە و کۆمەلە روناکبیرانەی رێکخستنی پارتەکان دەیجولاندن قەدەغە کراڕن و پرۆسەیەکی بەرفراوانی دادگایی کردنی ئەندامان و سەرکردەکانی پارتە سیاسیەکان و نوسەر و خاوەن ڕۆژنامە و گوڤارەکانی گرتەوە، بەمەش زۆرینەی سەرکردەکانی پارتە سیاسیەکان ڕوویان لە ئەوروپا کرد و لە خەباتی سیاسی ساردبوونەوە و وازیان هێنا (فەتاح ٢٠١٢، ٣١٤).

بەم جۆرە پرۆژەی رامیاری و کاری رێکخراویان لە کوردستان سەرکەوتوو نەبوو، کاروچالاکییە رێکخستنە سیاسیەکانی کورد لە ناوخۆدا نەمان (Demir 2018, 28). لە مانگی ٣ی ١٩٨١ دا دەسهەڵاتدارانی سەربازی تورکیا رایگەیاند کە بەشی زوری رێکخراوە توندرەوەکانی تورکیا هەڵوەشاندونەتەوە، لە گەل ئەوەشدا دانیان بە وە دانا هەندێك جودا خوازی توندرەو بە تایبەتی چەپڕەوەکان لە کوردستان دا چالاکی دەکەن.لەماوەی ١٩٨٠- ١٩٨٣ نزیکەی ( ٤٣١٤٠ ) کەسیان بە تۆمەتی کاری تیرۆرستی و چالاکی نایاسایی قۆلبەست کراڕن (عصام ١٩٩٩، ٣٥). هاوکات کودەتاچیەکان ئەزمونی یاساکانی پێشوویان لە بەرچاو گرت بوو، بە پێی دەستور رێگانەدا بە دروست بوونی گروپ و رێکخراوی سیاسی کوردی، کورد نەی توانی ئەو مەرجانە بهێنێتە دی، بویە چالاکی کورد بە شاراوەیی گروپ و پارتە نهێنیەکان مانەوە (فەتاح ٢٠١٢، ٣١٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرئەنجام

**لەئەنجامی ئەم تویژینەوەیە گەیشتینە جەند خالێک لەوانە :**

-سیاسەتی تورکیا بەرامبەر دوزی کورد نەگورە و بەدرێژایی ١٩١٩-١٩٧٨ کە خۆی لەنکوڵی کردن لە بوونی کورد دەبینێتەوە، گەلی کورد جگە لە خەباتی چەکداری گرینگی بەخەباتی سیاسی وديموکراتی دراوە بۆ دەستەبەر کردنی مافی گەلی کورد.

-ئاکامی کودەتای ١٩٨٠ ی تورکیا بەسەر کورد، ئەوەی ئاشکرایە بە هەموو شێوەیەک دان بەمافەکانی گەلی کورد نەنا بەڵکو کاریگەری خراپ لەسەر ڕەوشی گشتی سیاسی و کومەڵایەتی کورد هەبوو.

-دەسەڵاتدارانی تورکیا وەک بەر لەم ماوەیە نەک تەنیا باس لە دۆزو مافی گەلی کورد نەکراوە بەڵکوو جەخت لە نەبوونی کورد کراوە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ .

-دەستوری ١٩٨٢ ی تورکیا درێژە پێدەری سیاسەتی(مستەفا کمال ئەتاتورک)ە هیچ جیاوازی نییە لە گەڵ دەستوری ١٩٢٤-١٩٦١،لە چوارچێوەی دەستوری تورکیاوە زمان وکەلتوری تورکیا ببوون بە ناوەرۆکی کاری سیاسی وپەروەردەیی حکومەتی تورکیا بەرامبەر گەلی کورد.

-نەبوونی پالپشتی دەرەکی بۆ دۆزی کوردو پەیرەوکردنی سیاسەتی هاوبەشی لەلایەن وڵاتانی هەرێمی دژی دۆزی کورد لەماوەی ١٩٧٨ _١٩٨٣ یەکێکی ترە لەدەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە .

-بزاڤی چەپی کوردی لەم ماوەیەدا گەشەکردنی بەرچاوی هەبوو،فاکتەری دامەزڕاندنی چەندین پارت ورێکخراویی چەپی کورد کە سەر مەشقی بزاڤی گەلی کورد بوون وەک وەڵامدانەوەی مەیدانخوازی تورکیاو سەلماندنی بوونی کورد لەڕۆژهەڵاتی ئەم ووڵاتە.

## لیستی سەرچاوەکان

**١ -کتێب**

**أ-بەزمانی کوردی**

- ئەحمەد ،ابراهیم خلیل ، (٢٠٠٨)، تورکیای هاوچەرخ. و: سامان مستەفا رەشید، چ١ ، چاپخانەی لاوکو، سلێمانی.
- داقوقی، أبراهیم ،(٢٠١٢)، کوردی تورکیا، و: هیمەت عەزیز کاکەیی، چ١،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
- زوجەر ،ئیرک جەی، (٢٠١٠)، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و: پ. د. یاسین زەردەشتی، چ٢ ، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
- باوەر،ئەحمەد ،(٢٠١٤)، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێراندا، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- عەدو ،ئەسعەد ،(٢٠١٥)، مێژووی شۆرشی گولان ٢٦- ٥- ١٩٧٦، چ١،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
- مارکوس ،ئەلیزا ،(٢٠٠٩)، مێژووی پەکەکە، و: ماحد خلیل، چ١،چاپخانەی نما، سلێمانی.
- نلۆرد ،بریتانیا بجور ، (٢٠١٣)،جەنگی سارد، و: هەژار رحیمی،هەولێر.
- سیف الدین،بیارمستەفا ،(٢٠٠٩)،کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا، و: سەرمەد ئەحمەد،چاپخانەی هاوار، هەولێر.
- شمشیر،بیلال ،(٢٠٢٢)،بەلگەنامەکانی ئینگلیز لە بارەی کێشەی کوردی تورکیاوە (١٩٢٤- ١٩٣٨) شۆرشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگری و دێرسیم، و: سلیمان علی، چ١،چاپخانەی ئۆفیسی ئاسا، سلێمانی.
- تەها، سلێمان، (٢٠١٨)، جینۆساید لە باکووری کوردستان، ناوەندی چاوی کورد،سلێمانی.
- جەلیل، جەلیلی،(٢٠١٥)، شۆرشەکانی کوردی لە سەردەمی نوێدا. و: بەهادین جلال مستەفا، چ٣، ،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
- الکردستاني،حامد، (١٩٥٦)، کفاح الکورد .
- گەوهەری،حامید،(٢٠١٦)، پارتی کرێکارانی کوردستان لە عبدالله نوجەلانەوە تا جەمیل بایک، چ١، هەولێر.
- ئەرسەلان، حمید بۆز، (٢٠١٢)، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و: نەجاتی عبدولا، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ماکدوال ،دیڤد، (٢٠٠٥)، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبکر خۆشناو، هەولێر.
- کە ریم ،عبدالخالید سابیر، (٢٠١٣)، بیری نەتەوەیی لە پەیرەو پرۆگرامەکانی کۆمەڵە (جمعیة) و حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان کە جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیدا (١٩١٩- ١٩٤٥)، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- ئۆجەلان ،عبدالله ، (٢٠٠٩)، نەخشەی رێگای ئۆجەلان بۆ چارەسەری کێشەی کورد، دورگەی ئیمرالی، ب.ش.

- الزميری ،عيماد ، (٢٠١٥)، توركيا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و: شاناز رەمزی، چ١، سلێمانی.
- سبعاوی ،عەونی عبدالرحمن، (٢٠١٠)، مێژووی ئەمریكا نوێ و هاوچەرخ، و: محمد عبدالله كاكە سور، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- كۆچێرا،كريس، (٢٠١١)، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، و: حمە كەريم عارف، چ٦، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- لازاريف،م-س، (٢٠٠٩)، مێژووی كوردستان، و: هوشيار عبدالله سەنگاوی، ، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- محو ،لوقمان، (٢٠٠٩)، كورد و كوردستان لە بەلگەنامەكانی ئەمریكادا، و: وريا رەحمانی .
- حەسرەتیان ،م أ، (٢٠٠٦)، ڕاپەرينی كوردان ١٩٢٥، و: جلال دەباغ، چ٣، هەولێر.
- حەسرەتیان ،م أ، (٢٠٠٧)، ياسا و دەستوريەكانی توركيا و كورد لەسەردەمی نوێدا، و: دلێر احمد حمد، چ١، سلێمانی.
- فەتاح،ماجد خليل، (٢٠١٢)، رێكخستنە سياسيەكانی باكووری كوردستان (١٩٦١- ١٩٨٠)، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
- فاتح ،محمد، (٢٠١٦)، پارت و رێكخراوە سياسيەكانی لە توركيا ١٩٢٣- ٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی حەمدی.
- جەليل ،هاوكار محيّدين، (٢٠١٢)، دۆزی كورد لە توركيا لە ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٩٩)، چ١، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
- كەريم ،هێرش عبدالله حەمە، (٢٠٠٣)، پەيوەنديیە سياسيەكانی لە نێوان كوردستان و دەوڵەتەكانی جيران (ئێران و توركيا و سوريا ١٩٩١- ٢٠٠٣)، چاپخانەی تەهران، ئێران.

**ب. بەزمانی عەرەبی**

- بێشكچی ،اسماعيل، (١٩٩٨)، معتمره الدوليه، ت: زهير عبدالملك، دارAPEC
- عيسى ،حامد محمود، (٢٠١٢)، القضية الكوردية في تركيا، القاهرة.
- عصام ،صلاح ، (١٩٩٩)، الاكراد شعب المناعات ، دار الهادي، بيروت.
- شەمو ،قادۆ سليم، (٢٠٠٨)، موقف الكرد من الحرب الأستغلال التركية ١٩١٩- ١٩٢٢، ط١، مطبعة خانی، دهوك.
- احمد ،كمال مضهر، (٢٠٠١)، انتقاضه ١٩٢٥ في كردستان تركيه، بيروت.
- عيسى ،حامد محمود، (١٩٩٢)، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة دمبولي مطبعة اطلس، القاهرة.

ج- زمانی توركی

- Özcan‹Nihat Ali, (1999)‹PKK (Kürdistan İşçi Partisi) Tarihi, İdeolojisi ve Yöntemi, Asam Yayınları, , s‹ 26‹ Ankara.
- Demir ‹Sertaç Timur, (2018)‹PKK'nın İletişim Stratejizi, Seta Yayınları, baskı 1., , s. 21.

**٢- نامەی ماستەر**

- زێباری ،دلاوەر محمد صديق احمد ، (٢٠١٧) ، ڕۆلی پارتی دیموکراتی کوردستان _ عێراق لەبزاڤی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەباشوری کوردستان (١٩٧٦_١٩٩١) ، هەولێر.

**٣ -رۆژنامە**

- کۆچەر ،خـەلیل ، (٢٠٠٦) ، داستانا دیر ئاڵوش لشورەشا پێشکەوتنخواز ،پێشمەرگە،گوڤار،ژ (١٠٣).

# Kurds issue in Northern Kurdistan (1980-1983)
# A Historical study

**Dilawar M Sadeeq Zebari**
Department of History, College of Arts, Salahadden University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dilawar.sadeeq@su.edu.krd

***Keyword:*** *Kurd's intellectuals, Activity, Parts and Organizations, Turkey, Northern Kurdistan, Issue of Kurds.*

## Abstract

North Kurdistan as an important part of Kurdistan has been constantly in struggle. The period of the 1980 Turkish coup is one of the most difficult stages that North Kurdistan and the Kurdish issue have gone through. This research is dedicated to the Kurds issue in Northern Kurdistan (1980-1983) The gateway is a quick presentation of the Kurdish cause in North Kurdistan 1919-1978, in which the position of the Kemalist movement 1919-1922 and the stages after that are discussed The second topic is the Kurdish factor in Turkish politics and regional countries, which is not true It has been mentioned that as in previous stages, the Kurds have always been the planner of the rapprochement between Turkey and regional countries whose aim was to destroy and eradicate the Kurdish people. Under the strong political and military influence, they engaged in political and organizational struggle and even in the next stage, they became trained in armed struggle in North Kurdistan. All these topics and periods have been discussed and researched based on scientific sources.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# قضية الكرد في شمال كوردستان في فترة (١٩٨٠-١٩٨٣)

**ملخص:**

إن شمال كوردستان كقسم مهم من حدود كوردستان، كانت في نضال مستمر، وفي سنة ١٩٨٠م حدث انقلاب في تركيا، فكانت مرحلة صعبة لشمال كوردستان والقومية الكوردية، وهذا البحث المتواضع اقتصر على مسألة القومية الكوردية في شمال كوردستان في السنوات ١٩٨٣-١٩٨٠م، ويتضمن تمهيد وثلاثة مباحث رئيسية:

ففي المقدمة عرض الباحث المسألة الكوردية في شمال كوردستان ما بين السنوات ١٩٧٨-١٩١٩م، وذكر فيها موقف الحركة الكمالية ١٩٢٢-١٩١٩م وما بعدها من المراحل، واختص المبحث الأول لذكر الانقلاب الذي حدث سنة ١٩٨٠م في تركيا وحقول القومية الكوردية، وألقي الضوء على مقترح الحكومة العسكرية التركية في دستور الدولة التركية سنة ١٩٨٢م تجاه القومية الكوردية ، والمبحث الثاني اختص بذكر دور الكورد في السياسة التركية والدول الاقليمية في تلك السنوات، وقد ذكر فيها حقيقة وهي أن الكورد كانوا ولا يزالوا دافع لتقريب الاتراك وغيرهم من الدول الاقليمية، مع انهم كانوا ولا يزالوا يخططون لإبادة الكورد ومحو هويتهم، وفي المبحث الثالث والأخير ذكر الاحزاب والانظمة الكوردية التي ظهرت في تلك السنوات، وقعوا في نضال سياسي منظم بسبب التأثير السياسي والعسكري السلبي، حتى صاروا حاملي الاسلحة في المرحلة القادمة، هذه القضايا والمسائل ذكرها الباحث في هذا البحث معتمدا على المصادر والمراجع المعتبرة.